گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیمانتیکی لۆجیکی ئامرازەکانی بەستنەوە لەکوردیدا

م.ی. بیان ملاحمدامین
بەشی کوردی ،کۆلێژی پەروەردە ,مخمور ,زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Bayan.hamadameen@su.edu.krd

پ.د. صباح رشید قادر
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
D.Sabahrashed@Yahoo.Com

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/٢٧
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٤/٤
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

ووشە سەرەکییەکان
Propostion, Logic, Meaning, Logical Meaning, Coordinate Conjunctions, Subordinate Conjunctions

Doi:
10.25212/lfu.qzj.9.2.10

پوختە

“سیمانتیکی لۆجیکی ئامرازەکانی بەستنەوە لەکوردیدا" ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، لۆجیك لقێکی گرنگ و سەرەکی واتایە، وەکو زانستێکی نوێ، بۆ لێکدانەوەی واتا هاتۆتە ناو زمانەوە، چەقی ئەو لێکدانەوەیەش بریتییە لەیاساکانی بیرکردنەوە و درکپێکردن. ئەو درکپێکردنە لۆژیکییەش نەخشەڕێژی کۆمەڵێك یاسا و بنەمای لۆژیکین، کە کەرەستەکانی زمان پیادەی دەکەن، ئامرازەکانی بەستنەوەش، وەکو کەرەستەیەکی زمانی، کە سەر بە پۆلی داخراوی وشەن، خاوەنی واتایەکی کەمی فەرهەنگین و ئەرکدارن. لەهەمان کاتدا دەرخستەکانی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنەسەر لایەنی واتا و لۆجیکی ئەم ئامرازانەیە، هەروەها خستنەڕوی ئامرازەکانی" لێکدەر و گەیەنەر"ە، لەڕوانگەی هەندێ لەیاسا لۆجیکییەکانی بەستنەوە لەرستەی ناسادەدا. کە لەم ڕوانگەیەوە ئامرازەکانی بەستنەوە دەبن بەیارمەتیدەرێکی باش لەئابوریکردن لەزماندا .

ئەم توێژینەوەیە هەولێکە، بۆ دەرخستنی ئامرازەکانی بەستنەوە لەچوارچێوەی واتا و لۆجیکدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. پێشەکی

"ســیمانتیکی لۆجیکی ئامرازەکانی بەســتنەوە لەکوردیدا" ناونیشــانی ئەم توێژینەوەیە، کە ئامرازەکانی لێکدەر و گەیەنەر، وەکو دوو جۆری جیاواز لەئامرازەکانی بەســتنەوە بەئامانج گیراون. توێژینەوەکە، لەتەوەرەی یەکەمدا ڕاســتەوخۆ بەناســاندن و باســکردنی ئامراز و جۆرەکانی ئامرازی بەســتنەوە و ئامرازی لێکدەر و گەیەنەر و جۆرەکانیان دەســتپێدەکات و لەتەوەرەی دووەمدا لەڕوانگەی لۆجیك و یاســا لۆجیکییەکانی ئامرازەکانی بەســتنەوە باس لەهەندێ لەیاســا لۆجیکییەکانی ئامرازەکانی لێکدەر و گەیەنەر کراوە و بەشــێك لەئامرازەکان بەنمونە وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆکراوە.

کەرەسەی توێژینەوەکە ڕستە و گوتەکان لەخودی توێژەران خۆیانەوەیە و توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی"وەسفی ـ شیکاری" بەستوە.

توێژینەوەکە جگە لەپوختە و سەرەتا و ئەنجام، بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکراوە:

- تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخـانکراوە، بۆ نـاســـانـدنی ئـامرازەکـانی بەســتنەوە و جۆرەکانی، کە هەریەك لە ئـامرازەکانی لێکـدەر جۆرەجیـاوازەکـانی و ئـامرازی گەیەنەر جۆرە جیـاوازەکانی خراونەتە ڕو، دواتر باس لە لۆجیکی ئامرازەکان و ســیمانتیکی لۆجیکی کراوە هەروەها مەســەلە و جۆرەکانی و پەیوەندی لۆجیکی مەســەلە لێکدراوەکانیش لەم تەوەرەدا باسکراون.

- تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکە تـایبەتە بە لۆجیـك و ئـامرازەکـانی بەســتنەوە و یـاســا لۆجیکییەکانی ئامرازەکانی بەســتنەوە، کە خۆی لە (5) یاســای لۆجیکی دەبینێتەوە، لەگەڵ خستنەڕوی نمونەی پێویست ، بۆ هەریەك لەم بوارانە و ڕونکردنە و شیکردنەوەیان.

ئەنجامی توێژینەوەکەش لەچەند خاڵێکدا خراونەتەڕو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. ئامرازەکانی بەستنەوە.

1.2. جۆرەکانی ئامرازی بەستنەوە.

ئامرازەکانی بەستنەوە بەشێکن لەپۆلی وشە، کە بەکاردێن، بۆ بەستنەوەی وشە و ڕستە و پێکهاتەجیاوازەکان، ئێمە بەئامرازەکانی لێکدەر و گەیەنەر دەیان ناسێنین.

"کارنی" پێیوایە (پێکهاتە لێکدراوەکان دەرئەنجامی بەستنەوەیانە لەلایەن ئامرازە بەستێنەرەکانی وەك: "و -and " "و" یان - or "). کریستالیش ئامرازەکانی بەستنەوە بەوە دەناسێنێ، کە(پۆلێکی وشەن، ئەرکی سەرەکییان بەستنەوەی وشە، یان پێکهاتەکانن، ئامرازە بەستێنەرەکانیش دابەش دەبنە سەر ئامرازەکانی لێکدەر "Coordinating Counjunction" کە دیارترین ئەندامیان" و، یان، بەڵام....تا" یە، و ئامرازەکانی گەیەنەر"SubordinatingCounjunction"وەکو"چونکە،کاتێك، هەروەهـا...تاد(Arthur:1996:235),(Carnie:2007:178) , (Crystal:1992:79)لەبارەی جۆرەکانی ئامرازە بەستێنەرەکان، ماسیۆس لەگەڵ ئەوەدایە، کە(بەستنەوە وشەیەکە، کە کردەی لێکدانی دوو یەکەی سینتاکسی جێ بەجێدەکات، بەتایبەت ئامرازە لێکدەرەکانی وەکو"بەڵام، و،....تاد" و ئامرازەگەیەنەرەکانی وەکو" کاتێك، کە"..تاد (Matthews: 2007:73)).

کەواتە(کۆمەڵە ئامرازێکی بەستێنەرن، کە دەچنە سەر ڕستەیەك، یان چەند ڕستەیەك، بۆ بەدەستهێنانی واتایەکی نوێ و ئەوئامرازانە کاردەکەن لەسەر ڕستەیەك، یان زنجیرە ڕستەیەك، بۆ بەدەستهێنانی واتایەکی تازە و شێوازێکی ڕێزمانی تازە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك)(حسن:2007، 555، ابن عقیل:1997: 71). " لیچ و سڤارتیڤیك"یش تێبینی ئەوەدەکەن، کە(ڕستەکان و فرەیزەکان دەکرێ لەڕێگەی ئامرازەبەستێنەرەکانەوە لەیەکتری گرێ بدرێن و ئەمەش دەخەنەڕو، کە دەکرێ ئامرازە بەستێنەرەکان دوو وشەی سەر بەهەمان پۆلی وشەش لەیەکتری بدەن)(Leech,Svarvik:1994:203-204)، چەند جۆرێك لەئامرازی بەستێنەر دیاریکراون، کە نوسەران و لێکۆلەران لەژێر ناو و پۆلینی جیاواز خستویانەتە ڕو، بۆنمونە هەریەك لە(Lester:1990:63), (Ekhard-Black:1992:97)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(McCarus:1958:72,73),(NadiaHussein:2006:37) (Baskervin&Sewell:2015:1) (Arthur:1990:235),. ئامرازە بەستێنەرەکان دابەشدەکەن بەسەر دوو جۆر ئەوانیش(ئامرازەکانی لێکدەر CoordinatingCounjunction-)و(ئامرازەکانی گەیەنەر - Subordinating Counjunction)، بەڵام باس لەجۆرێکی تری ئامراز ناکەن ئەویش"ئامرازی لێکدەری هاوپەیوەند - Correlative Counjunction" ، چونکە بەبڕوای ئەوان ئەویش هاوشێوەی جۆری یەکەمە، لەوانە لاستەر ئاماژە بەوە دەکات، کە(ئامرازی لێکدەری هاوپەیوەند - Coordinating-Correlativeهاوشێوەی ئامرازی لێکدەر) (Lester: 1990:65) .

لەزمانی کوردیشدا ئامرازە لێکدەرە هاوپەیوەندەکان هەن، بەڵام لەگەڵ ئامرازە لێکدەرەکان هەژماردەکرێن(هەندێك بەستێنەر هەن، کە بەستنەوەی وشەکان، یان شێوە وشەکان ئەنجامدەدەن پێیان دەوترێت(بەستەرە دوانەییەکان ـ (Double Conjunction، کە هەمان ئامرازە لێکدەرەکانی"بەڵام ، و، یان....تاد"ن، بەڵام بەشێکی تر، یان ئامراز، یا وشە بەدواوەیان دێت، کە زیاتر، بۆ جەختکردنەوە لەواتای شتەکانە) (Salam Nawkhosh: 2009:140).

1.1.2. ئامرازی لێکدەر ـ Coordinating Counjunction .

لەزماندا کۆمەڵێك کەرەستە ڕۆڵی لێکدەر دەبینن، بەم پێیەش(هەمو زمانێك چەند دانەیەك لەئامرازی لێکدەری گونجاوی هەیە، کە دەکرێ جۆری دانە زمانیەکان"ڕستەکان، پێکهاتەی ڕستەکان، یان ئەو کەرەسانەی لە پێکهاتەیەك بچوکترن وەك پێش بەندەکان، دیارخەرەکان..تاد" لێکبدرێن، جگە لەوە ئەو ئامرازانەی، بۆ لێکدان و پلەی ڕێزمانێتی بەکاردێن جیان، کەوابو هەندێ زمان بەهۆی دانەپاڵی ئاسای لێکدەدرێن، کەچی هەندێکی تریشان نیشانەی ڕێزمانیان هەیە)(محمود، حویز: 2019 :2). ئامرازەلێکدەرەکان ئەرکیان(بەستنەوەی یەکەزمانییەکانە، کە عادەتەن لەڕوی ڕێزمانەوە یەکسان و هاوپایەن) (Crystal:1992:84). ئەو ڕستانەی، کە لەلایەن ئەو ئامرازانە لێکدەدرێن لەڕوی فۆرم و واتاوە سەربەخۆن و پاراتاکتیکن و هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕســـتەیەك بەندنییە بەڕســـتەیەکی ترەوە، ڕســـتەلێکدراوەکان بەپێی ئامرازە لێکدەرەکانیان جیادەکرێنەوە و لەڕێگەی ئەمانیشەوە پۆلین دەکرێن، کەسێ جۆری سەرەکی لی دیاریکراون (
1ـ ئامرازی لێکدەر ـCoordinating Counjunction .
2ـ ئامرازی لێکدەری هاوپەیوەند ـCorrelative Counjunction .
3ـ دەربڕینەکانی گواستنەوە ـ Trannsitional Expressions)(محمود, حوێز: 2:2019).

2.1.2. ئامرازی گەیەنەر ـ Subordinating Counjuction .

ئامرازی بەستنەوەن لەڕوی فۆڕمەوە سەربەخۆن و لەشێوەی وشە، یان مۆرفیمی سەربەخۆ بەدەردەکەون، کە ئەرکی سەرەکییان بەستنەوەی" ڕستەی لاوەکییە -Clauses"بە" ڕستەی سەرەکی-MainClauses" و دروستبونی " ڕستەیەکی ئاڵۆزە -ComplexSentences". ئەم ئامرازانە (پەیوەندی مەرجی، مەبەستی، هۆیي، کاتی، دیارخەري، بەرکاری و هی دی لەنێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێن کەوتودا پیشان دەدەن)(ك.ك.کۆردۆیڤ, و.موکریانی: 1984: 356).لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکی ئەم ئامرازانە گەیاندنی ڕستەی لاوەکییە بەڕستەی سەرەکییەوە، ئەوا چەمکی گەیەنەریان، بۆ بەکارهێناوە، کە(ئەم زاراوەیە لەچاوگی"گەیاندن"ەوە هاتوە، بەمەبەستی گەیاندنی شتێك بەشتێکی ترەوە، وەك گەیاندنی ڕستەیەك بەڕستەیەکی تر)(ئیبراهیم: 1980: 53)،"ئارتس"تێبینی ئەوە دەکات و دەڵێت(یەکێك لەو هۆکارانەی، کە وایکردوە بەمانە بوترێت لاوەکی"Suburdinating" ئەوەیە، کە جۆرێکن لەهایپۆتاکتیك(Hypotactic)، ئەمەش چەمکێکی گریکییە بەواتای نایەکسانی لەڕۆنانە سینتاکسیەکانی پێکهاتەکان دێت، بەم پێیەش ئامرازەگەیەنەرەکان، کە دەچنە سەر یەکێك لەڕستەکان وا لەو ڕستەیە دەکەن، کە سەربەخۆی خۆی لەدەست بدات و ببن بەڕستەیەکی شوێنکەوتو)(Arts:2001:46)، بەبڕوای"Huddleston"یش(ئامرازە گەیەنەرەکان پێچەوانەی ئامرازە لێکدەرەکانن، چونکە پەیوەندییەکی نایەکسان لەنێوان ڕستەی لاوەکی TheSubordinate element و ڕستەی سەرەکی"TheSuperordinateone"دا دروستدەکەن)(Huddleston:1988:194).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی، کە لەزمانی کوردی ناسـێنراون بریتین لە" کە، هەرکە، ئەگەر، مەگەر، هەرکەس، ئەگەرچي، کاتێك، هەرچەندە، خۆزگە، ئەوەندە، نەك، نەوەك، تا، چونکە....تاد."

3. لۆجیکی ئامرازی بەستنەوە.

1.3. سیمانتیکی لۆجیکی ـ Logical Semantics .

لۆجیك جۆرێکی سـەرەکی و گرنگی واتایە، لەهەمان کاتیشـدا لۆجیك وەکو لقێکی جیاکراو لەفەلسەفە هاتۆتە ناو زمانەوە، فەلسەفە و واتاسازیش پەیوەندییەکی تێکچرژاو و بەیەکداچو لەنێوانیاندا هەیە، بەو پێیەی، کە هەر لەسـەرەتاوە واتاسـازی کەرەسـەی لێکۆڵینەوەی زۆربەی زانسـتەکانی تری وەکو لۆژیك و فەلسـە ..تاد، بوە و زانا فەیلەسـوف و ئەنترۆپۆلۆجییەکانی بەخۆیەوە خەریکردوە و زمانەوانەکان خۆیان لێ بەدوور گرتبو، فەلسـەفە ڕوونکەرەوەی ئەو ڕوداو و پێشهات و کردانەیە، کە واتاسازی دەیانخاتە ڕو، واتا و فەلسەفە بەیەکەوە کار لەسـەر چۆنیەتی تێگەیشـتن و درکپێکردنی مرۆڤ دەکەن، واتا و لۆجیکیش بەهەمان شـێوە گرنگی بەلێکدانەوەی تێگەیشـتن و درکپێکردنی شـتەکان دەدەن، زمـانیش ڕۆڵی هەرە گرنگی ئەم درکپێکردنە دەبینێ، کە لەڕێگەیەوە دەتوانین بگەین بەبیرکردنەوە، هەر لەبەر ئەمەشـە، کە لەلۆجیکیشـدا زمان بەئامراز دانراوە، سیریل پێیوایە زمان و بیرکردنەوە دوو شـتی هاوتەریبی یەکترن، نەزمان بەبێ بیرکردنەوە و نەبیرکردنەوە بەبێ زمان بونیان دەبێ، بەڵام پێشـینە، بۆ بیرە، هەر لەسـۆنگەی ئەمەشـەوە تێڕوانینی ڕۆنانکار و بونیادگەرەکان جیاوازی تێدەکەوێ، سـۆسـێر پێیوایە زمـان لەدەرەوە بۆ نـاوەوەیە، واتە لەکۆمەڵەوە بۆ بیر و هزر، کە پێیـان دەتوترێ"e-Language"، بەڵام چۆمسکی بەپێچەوانەوە زمان لەبیر و مێشکەوە دەباتەوە ناو کۆمەڵ، بەمانەش دەوترێ"I-Language" ، بەم پێیە زمان کەناڵێکە، کە دەتوانین لەڕێگەیەوە بگەین بەبیرکردنەوە، لۆجیکیش، وەکو زانسـتێکی نوێ، بۆلێکدانەوەی واتا بریتییە لەیاسـاکانی بیرکردنەوە، واتە(لۆژیك هونەری بیرکردنەوەیە" لۆژیك ڕاڤەی یاساکانی بیرکردنەوەیە")(قادر: 2010: 5) .بەم پێیەش لۆژیـك دەبێت بەزمانی گەیـاندنی بیر و هزر، لەم ڕێگەیەوە دەتوانی لەوە بگەیت، کە خەڵك چۆن بیر و هزرەکانیان ڕێکدەخەن و چۆن خۆیان لەناڕاستی و ناڕونی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێلی دەربڕینەکان بەدووردەگرن، لێکدانەوەی سیمانتیکیش لەسەر درکپێکردن دەوەستێ، کەواتە هەردوکیان کار لەسەر لێکدانەوەی واتادەکەن لەسەر بنەمای تێگەیشتن و درکپێکردن، بەوپێیەی)لێکۆڵینەوەکانی سیمانتیك نزدیکەی پەنجا ساڵی دوای لەڕێی"لۆژیکی شێوازبەندانە-Formal Logics " تازەبونەوە دەستپێداهێنانی بەخۆوە بینی، لەم هەوڵەیاندا، کە بە"سیمانتیکی لۆژیکی -" Semantics Logical "یان "سیمانتیکی شێوازبەندانە - Formal Semantics"یش ناسراوە، لەناوەند و چەقیدا وشە نییە، بەڵکو ڕستە وەستاوە)(مەحوی: 2009: 4), کەواتە لۆجیك لەوە لەسیمانتیك جیادەبێتەوە، کەوا گرنگی بەواتای ڕستە دەدات، بەڵام سیمانتیك گرنگی بەواتای وشە و ڕستە دەدات، ڕستەکانیش ئاماژەپێدەری دەربڕین و ئاخاوتنەکانی زمانن، ئاخاوتنەکانیش هەڵگری نرخی ڕاستی و ناڕاستین و خاوەنی پێشەکی و ئەنجام و پەیوەندی لۆجیکین، کەوایە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆ لەنێوان ڕستەکان و ئاخاوتنەکاندا هەیە، چونکە ڕاستی و دروستی ئاخاوتنەکان دەوەستێتە سەر ڕاستی و دروستی ڕستەکانەوە، لەسیمانتیکدا ڕستەکان هەڵگری واتای ڕاستەقینە و فۆرم دروستین، ئەگەر پێکهاتی ڕستەکان لەڕوی سیمانتیکەوە دروست نەبن، ئەوا ڕستەیەکی فۆرم دروست و ناسیمانتیکی دەبێت و لۆجیك ناتوانێ ڕێگە بەوەها ڕستەیەك بدات ، کە بەرهەم بێت، بۆ نمونە:

1ـ دیوارەکە پیاوەکەی کوشت.

لەبەرئەوەی سیماواتاییەکانی دیوار وەها توانایەکی نییە، کە کردەی کوشتن ئەنجام بدات، بۆیە ڕێگە بەڕستەیەکی وەها نادرێت لەڕوی سیمانتیکەوە،لەبەرئەوە فۆرم دروستیشیان دەوەستێتە سەر پەیوەندی واتای نێوانیانەوە، بۆیە تێگەیشتنەکان دەوەستێتەسەر دروستی فۆرم و واتا، بەڵام ئەم فۆرمە چ جۆرە فۆرمێکە، کە لۆژیك کاری لەسەر دەکات، ئایا فۆرمی ڕێزمانییە؟ یاخود فۆرمی لۆجیکی؟ ئەگەر بمانەوێ وەڵامێکی دروست بدەینەوە دەبێت سەرەتا بزانین فۆرمی لۆجیکی چییە؟ و چ پەیوەندییەکی بەفۆرمی ڕێزمانییەوە هەیە؟

فۆرمی لۆجیکی بریتیە لەو پێشەکی و دەرئەنجامانەی، کە لەڕێگەی هەڵێنجانی واتاوە لەدەربڕاوە زمانییەکان بەدەست دێن، یاخود نرخی ئەو بەها ڕاستی و هەڵانەیە، کە لەڕستەکاندا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریدەکرێت، چونکە فۆڕمی لۆجیکی تاکە ڕێگەیەکە، بۆ پیشـــاندان و بڕیاردان لەســەر نرخی ڕاستی و هەڵە، ئەم بڕیاردانەش پشت بەفۆڕمی ڕێزمانی دەبەستێ، چونکە لەڕێگەی ئەو فۆڕمە ڕێزمانییەی، کە پیشـاندراوە فۆرمی لۆجیکی بڕیار لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ڕستەکان دەدات، لەهەمان کاتدا ئەو پێشـــەکی و گریمانانەی، کە لەبارەی ڕســـتەکانەوە دێنە بون هەر لەڕێگەی ســـتراکچەر و پێکهاتەڕێزمانییەکانەوە دەبێت .لەگەڵ ئەوەی(فۆڕمی لۆجیکی هەمان فۆرمی ڕێـــزمـــانـــی نـــیـــیە، کە لەڕێـــزمـــانـــی تەقـــلـــیـــدیـــدا نـــاســـێـــنـــراوە بە form (grammatical (jensAllwood&others:1997:19). بەڵام پەیوەنـدیش لەنێوانیـانـدا هەیە، دیاریکردن و سنوردانان لەنێوان فۆرمی ڕێزمانی و فۆڕمی لۆجیکی کارێکی وا سانا نییە، بەڵکو پێویســـتمان بەوە دەبێت، کە هەریەك لەپێکهاتەی ڕێزمانی و پێکهاتەی لۆجیکی دیاربکەین و لەڕێگەی ئەمەوە بڕیـارلەســـەر پەیوەنـدییەکـانی نێوانیـان بـدەین، بۆئەوەی چەمکەکـان لەڕســـتەیەکی، وەکو ئەمەی خوارەوە بخەینە ڕوِ، دەبێت بەراورد لەنێوان هەردوو پێکهاتەکە بکەین، ئەم بەراوردکردنەش(چ لەڕوی ڕێزمـانەوە بێـت، یـاخود لەڕوی لۆژیکەوەبێـت، بۆ کۆنکرێتکردنی چەمکەکـانمـان بـابڕوانینە(2/ أ و ب) و دواتر بەراوردییـان بکەین بەخودی دروستەی لۆژیکی و ڕێزمانیەکانیان لە(3/ أ و ب)دا

2 /أ ـ ئازاد سانایە داوای لیبوردن بکات.   ب ـ ئازاد پەرۆشە داوای لیبوردن بکات.

3 /أ ـ {چەمك /سانایە} ـ داوای لیبوردن بکەیت لە(ئازاد).

ب ـ {چەمك / پەرۆشە} ـ داوای لیبوردن بکات (ئازاد).

ئەگەر بمانەوێت ڕاستی لە (2/ أ و ب)دا دربکپێبکەین، ئەوا دەبێت (چەمك)ی بنەڕەتی ڕستەکان دەربهێنین) وەك لە (3/ أ و ب)دا دیـارە(وەك دربکپێکردنی لۆژیکی و دواتریش چەمکەکـان پەیوەســـت بکەین بەکەرەســـەیەکی دەرنەبڕاوەوە، کە بنەمـای لێکـدانەوە ڕێزمـانـیـیە لۆژیکییەکەیانە)(قادر: 2010: 6). لەسیمانتیکی لۆجیکیدا بۆئەوەی نرخی ڕاسـتی و ناڕاسـتی دیاربکەین پێویستمان بەو زانیاریانە دەبێت، کە لەڕستەکاندا هەن، هەرچەندە نرخی ڕاستی و ناڕاسـتی لەڕسـتەدا بابەتی هەرە گرنگی سـیمانتیکی لۆجیکییە، بەڵام ئەو نرخاندنە بەپێی ڕای زۆربەی زمانەوانەکانی زمان تەنیا لەڕێگەی فۆڕمی لۆجیکیەوە بەدەســـت نایەت، چونکە ئەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شتێکی ڕێتێچوە، کە چۆن ڕۆنانی سەرەوەی زمان ڕۆنانێکی شێوێنەرە، ئەوا بەهەمان شێوە فۆرمی لۆژیکیش شێوێنەربێت، لەگەڵ ئەوەی ئامانجی بەکارهێنانی لۆجیك(بەکارهێنانی چەمك و زاراوەکانە بەواتایەکی ڕون و ئاشکرا و دوور لەلێڵی و تەمومژی و ئەو بیرەی، کە قسەکەر هەیەتی بەڕونی، وەکو خۆی بگەیەنرێت و دوور بێت لەلێڵی و واتای شاراوە و پەرشوبڵاوکردنی بیری گوێگر) (عەلی: 2014: 54)، بەڵام لەهەندێ باردا وەها ئامانجێك لەلۆجیکدا ناپێکێنرێ، لەڕستەیەکی وەکو:

4- نازە سەرگەرمە.

5ـ چاك سوورت کردۆتەوە .

فۆرمی لۆجیکی ڕستەکە ناتوانێت نرخی ڕاستی و دروستی چەمکی"سەرگەرم" و"سورت کردۆتەوە"بپێکێ، لەبەر ئەوە فۆرمی لۆجیکی تاکە بڕیار نابێت، بۆپێدانی نرخی ڕاستی و ناڕاستی ڕستەکان، وەکو دەزانین لۆجیك مامەلە لەگەڵ ئەو چەمك و دەستەواژە و ئارگیۆمێنتانە ناکات، کە لێلی واتاییان تێدایە، لەبەرئەوە چەند جۆرە بۆچوونێك، بۆلێکدانەوەی واتای لۆجیکی ڕستەکان خراونەتە ڕوو، کە بریتین لە:(

بۆچونی یەکەم: ڕستەکان "Sentences" هەڵگری نرخی ڕاستین.

بۆچونی دووەم: واتا و مەسەلەکان "Propostion" هەڵگری نرخی ڕاستین.

بۆچونی سێیەم : دەربڕینە جەختکراوەکان "Statement"هەڵگری نرخی ڕاستین)(موشیر: 2015: 148ـ 152).

بەپێی ئەو بۆچونانە سێ جۆر لەستراکچەر لەزماندا جیادەکرێنەوە، کە دەکرێ هەر یەکێك لەمانە هەڵگری نرخی ڕاستی بن و بۆچونی جیاوازیش لەبارەی ئەمانەوە هەیە و هەریەکەیان لەلایەن چەند زانایەکەوە پشتگیریکراوە، لەوانە(سلیڤان /Sulivian) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڕستەکان هەڵگری نرخی ڕاستی و هەڵەن، لەکاتێکدا (شارڤی/ Sharvy) پێیوایە, کەوا مەسەلە و دەستەواژەکان "Propostion" هەڵگری نرخی ڕاستی و ناڕاستین بەتایبەت ئەو دەستەواژانەی، کە ناوەڕۆکێکی هەواڵین)(Hilman Parded:2016:37) ، بەڵام پێویستە لەنێوان(هەر سێ تێگەی"ڕستە، دەربڕین، بڕیار"دا جیاوازی بکەین"ڕستە - "Sentences

شێوەی ئەو واژانەیە، کە واتا بەخشن بەشێوەیەکی ڕێزمانی"دەربڕین - Statement"هەموو ڕستەیەکی هەواڵ بەخش دەگرێتەخۆ، جا واتای پیت بەپیتی هەبێت یا نا، بەڵام"بریار " - Propostion ڕستەیەکی واتا بەخشە پیت بەپیت)(خەلەکانی: 2010: 33).

1.1.3. مەسەلە ـ Propostion .

یەکێك لەو بابەتانەی، کە لەلۆجیکدا ئێمە هەڵوەسەی لەسەر دەکەین، تیوری دەستەواژە یان(مەسەلە-Propostion) یە، کە دەکرێ لەبەرامبەر ئەوەدا چەندین چەمکی وەکو"گریمانە، پێشنیاز، گوزارە، دەستەواژە..تاد" بۆ بەکاربهێنرێ، لەبەرئەوەی لەڕستە ناسادەکاندا مەسەلەکان زیاترن، بۆیە پێویستمان بە نرخی ڕاستی و ناڕاستی زیاتر دەبێت، ئەرەستۆ، کە داهێنەری بابەتی لۆجیکە، مەسەلە و ڕستە بەپێکهێنەری زمان دادەنێت، ئەرەستۆ مەسەلە بەوە لەڕستەجیادەکاتەوە، کە دوو بەهای هەیە، ئەوانیش ڕاستی و هەڵەن و خۆی بەدوردەگرێت لەڕستەی پرسیار و فەرمان و سەر سورمان...تاد، زیاتر لەبەرئەوەیە، کە(لەڕستەی پرسیاری و فەرماندا ڕستەکان پابەندی تاقیکردنەوەی ڕاست و هەڵە نین.

ئەوەش ڕونە، کە لەسیمانتیکی لۆجیکیدا بەتایبەت لەگریمانەی پێشەکی سیمانتیکی زیاتر پێویستمان بەمەرجی ڕاستی دەبێت، بۆیە لێرەدا زیاتر بەدوای ئەوەوە دەبێن، کە مەسەلەکان ڕاستن، یان هەڵە و بەدوای نرخ و بەهای مەسەلەکانەوە دەبێن. ئەو مەسەلە و دەستەواژانەی(تێیاندا خەسلەتێکی دیاریکراو دەدرێ بەبکەرێ"بنە"بەدەستەواژەی بارەکی ناودەبرێت)(عزیز: 2016: 20)، لەم جۆرەدا مەسەلەکان دەکرێ ڕاست، یان هەڵەبن، کە لەبنە و بار و پەیوەندی نێوانیان واتا ئامرازی Copula پێك دێت و بە"مەسەلە بارکراوەکان - قضیة الحملیة "یش ناودەبرێت و جۆرێکی تریش هەن لەمەسەلەکان، کە(بڕیاردانە بەپەیوەست بون و نەبونی مەسەلەیەك بەمەسەلەیەکی ترەوە)(موشیر: 2015: 143)، واتە لەنێوان مەسەلەکاندا پەیوەندییەکی مەرجی هەیە، کە بونی یەکێکیان مەرجە بەبونی ئەویتریانەوە، ئەمانەش بە"مەسەلە مەرجیەکان ـ قضیة الشرطیة " ناودەبرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێن بەدوو بەشـی تر، کە ئەوانیش ئاڵۆز و پێکەوەبەسـتراوەکانن، کەواتە مەسەلەکان دابەشدەکرێن بەسەر دوو پۆلدا،

1ـ مەسەلە بارکراوەکان ـ قضية الحملية.

2ـ مەسەلە مەرجیەکان ـ قضية الشرطية : ئەمانەش دوو جۆرن،

أ ـ پێکەوە بەستراو ـ متصل. ب ـ پێکەوە نەبەستراو ـ منفصل.

(لەیەکەمیاندا"بکەر" بریار- بۆدراوە، وەرگیراویش، بریار - پێدەرە ، بەچەند جۆرێکی وەك،

ـ گشتی پۆزەتیڤ: هەموو (ب) ئەوەیە، کە (ج) ە.

ـ گشتی نێگەتیڤ: هیچ (ب) ئەوەنییە، کە (ج) بێ.

ـ هەندەکی پۆزەتیڤ: هێندێ (ب) بریتین لە(ج).

ـ هەندەکی نێگەتیڤ: هێندێ (ب) بریتی نین لە (ج).

لەشـێوە نوسـینی لاتینیـدا، بۆ هەر چوار جۆرەکەی بریـار بەدوایەکـدا، ئەم هێمـایـانە دانراون، "A,E,I,O"بەڵام بڕیـاری ئـاوێتەی مەرجـدراو، لەدوو بڕیـار پێکـدێـت، کە یەکێکیـان پەیوەسـتە بەوی دیکەیانەوە، بەدوو شـێوە"جۆر"ی "لکاو/ متصـل"و" نەلکاو / منفصـل" جا پۆزەتیڤ بن یـان نێگەتیڤ)(خەلەکـانی: 2010: 32)، لەدەرئەنجـامی ئەمـانەوە دەتوانین مەسەلەکان"Propostion " دوو جۆری لێ دەستنیشان بکەین:

1ـ1ـ3ـ أ.مەسەلەی سادە ـ Simple Propostion.

1ـ1ـ3ـ ب.مەسەلەی لێکدراو - Compound Proposition.

بریتین لەو مەسەلانەی، کە زیاتر لەبابەتێك لەخۆدەگرن و زانیاری نوێ دەدەن و هەڵگری نرخی ڕاستی و هەڵەن، بەهای هەریەك لەڕاستی و ناڕاستی لەم جۆرە ڕستانەدا پشت بەهەڵومەرجی دەوروبەر لەگەڵ نـاوەڕۆکی دەربڕینەکـان دەبەسـتـی، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە مەسـەلانە ڕستەلێکدراوەکان و ئاڵۆزەکان دەگرنەوە، بۆیە زیاتر لەمەسـەلەیەك بونی دەبێت، بێگومان هەر مەسـەلەیەکیش لەبنە و بارێك پێکدێت، بۆیە بەپێی ئەو بارودۆخەی، کە ئاخاوتنەکەی تێدا

ئەنجام دەدرێ لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو مەسەلانەی، کە هەن دەتوانین بەهای ڕاستی و ناڕاستی مەسەلەکان دیاربکەین ، بۆنمونە:

6ـ عبدالله پەشێو، کە شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە، لەئەوروپا دەژی.

لەڕستەی(6)دا (عبدالله پەشێو) ڕۆڵی"بنە"دەگێرێ.ئەوەی، کە ڕۆڵی"بار"دەبینێ(لەئەوروپا دەژی)یە، بەڵام ئەوەی، کە گرنگە لێرەدا ، ئەویش ئەو دەستەواژە تەواوکارییەیە، کە چۆتە سەر دەستەواژە تەواوکراوەکە، کە ئەمیش بریتییە لە(کە شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە)، بۆسەلماندنی وەها ڕاستییەك دەبێت ئەو زانیارییەمان هەبێت ، کە ئاخۆ کەسێك هەیە بەناوی"عبدالله پەشێو"و شاعیرە و کوردیشە، لەئەنجامی سەلماندنی ئەو ڕاستییە شیکاریانەدا دەگەین بەوەی، کە ئاخۆ ڕستەکە بەهای ڕاستیەکەی چیە؟ خۆ ئەگەر لەبارێکی وادا بەشێکی مەسەلەکان ڕاست نەبون، ئەوا نرخی ڕاستی و ناڕاستیان دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی لەم جۆرە شێوانەدا دوو جۆر مەسەلە، یان پێشگریمانە بونی هەیە، دەکرێ یەکێك لەم پێشگریمانە و مەسەلانە هەڵەبن، یان ڕاست بن، هەموو پێشگریمانەیەکیش، وەکو بەشێك لەئارگیومێنتەکان لەپێشەکی"Premises"و ئەنجامێك"Conciusion"پێکدێت، کە لەپێشەکییەکاندا گریمانەکان دەخرێنە ڕو، بۆئەوەی بتوانرێ دەرئەنجامێکی لێ هەلبهێنجرێ، بەمەش دەوترێت گریمانەی پێشەکی، کە(بریتیە لەپەیوەندی لۆجیکی لەنێوان فۆرمی دەربڕینێکی زمانی و ئەو واتا شاراوەیەی دەربڕینە زمانییەکە هەڵیدەگرێت)(فتح الله : 2009: 17).لێرەدا مەبەستمان لەگریمانەی پێشەکی ئەو گریمانەن، کە لەلایەن سیمانتیك و لۆجیکەوە دەخرێنەوە، کە پێشگریمانەکە دەبێت لەخودی کەرەسەپێکهێنەرەکانی گوتنەکەوە بەدەستبهێنرێت، لەوبارەشدا پێشگریمانەکە دەبێت بەپێشگریمانەیەکی سیمانتیکی. بەوپێیەی گریمانەپێشەکییەکان کۆمەڵێك زانیارین، کە قسەکەر گریمانەی پێشەکی ئەوەدەکات، کە گوێگر ئەو زانیاریانە دەزانێت و پێویستی بەڕونکردنەوە و باسکردنی ڕاستەوخۆ نییە، بۆیە گوێگریش لەپەناوپێچی هەندێ لەو زانیاریانەی، کە لەمەسەلەکاندا هەن گریمانەپێشەکییەکان دیاردەکەن، بەم پێیەش ئەو گریمانەپێشەکیانەی، کە لەپێشگریمانەکانەوە وەردەگیرێن لەڕێگەی ئەوپەیوەندییە واتایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و زانیارییە واتاییانەیە، کە دەبێت هەردوو لایەنی قسـەکەر و گوێگر لێی ئاگاداربن و بیزانین، چونکە پێچەوانەکەی وادەکات، کەوا گریمانە و پێشـنیاری ڕاسـت نەیەتە بەرهەم و لەئەنجامدا خوێندنەوەیەکی ڕاسـت و دروسـت نەدرێت بەبەها و نرخی ڕاسـتی مەسـەلەکان، لەوەها کردەیەکیدا پێویسـتمان بەمەرجی ڕاسـتی "TruthConditional"دەبێت، چونکە گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی پشت دەبەستێت بەبونی مەرجی ڕاستی، کە ئەمەخاڵی جیاکەرەوەیەتی لەپێشگریمانەی پراگماتیکی، بەمەش مەرجی ڕاستی بریتی دەبێ لەمەرجی ڕاستی سیمانتیکی، کە (بیرۆکەیەکە، بۆ تێگەیشتنی واتای ڕستەکان و دیاریکردنی واتاکانیان) (حمەغریب: 2016: 62)، بەواتایەکی تر بریتین(لەو مەرجانەی، کە دەبێ هەبن لەهەر بارودۆخێکدا، یان جیهانێکی چاوەڕوانکراو، کەتیایدا پێشـنیار، یان گریمانە و واتاکانیان خوێندنەوەی ڕاسـتن، واتە هەقیقی هەڵگرن)(فتح الله : 2009: 174)، ئەمەش(پێڕەوێکی سـیمـانتیکیمـان، بۆ دەردەخـات، کە لەچەندین یاسا و پرەنسیپ و مەرج پێکهاتوە و پەیوەستە بەلۆژیك و ڕاستییە لۆژیکییەکانەوە و بریتیە لەئەو ڕوداوانەی لەناو زماندا ڕوودەدەن زیاتر لەوەی لەجیهاندا ڕوودەدەن)(عەلی : 2014: 56)، هەر بۆیە، ڕۆبێرت شارقی (پێشگریمانە"مەسەلەکان"بەوە دەناسێنێت، کە واتای ڕسـتە گەیانراوەکانن) .(HilmanParded:2016:37) (هەروەها شـارقی جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا (لۆجیك پەیوەندی بەپێشـگریمانەکانە"مەسـەلەکان"ەوە هەیە، وەك ئەوەی پەیوەنـدی بەڕسـتەکـانەوە هەبێـت، ئەوەی، کە لەڕێگەی پێشـگریمـانەکـانەوە دەردەبڕێـت دەرئەنجـامەکەی لەڕێگەی پەیوەنـدی واتـایی نێوان هێمـاکـانە، نەك پەیوەنـدی هێمـاکـان لەسەرئەوەی، کە لەسەر کاغەزەکاندا هەیە هاتوە و نوسراوە) (HilmanParded: 2016:37) .

کەوایە بۆئەوەی بەهای ڕاستی و دروستی مەسەلەکان دیاربکرێن پێویستمان بەمەرجی ڕاستی سـیمانتیکی دەبێت، لەمەسـەلە لێکدراوەکاندا، بۆ هەر ڕسـتەیەك دوو نرخی ڕاسـتی، وەکو پێشـگریمانە لەڕێگەی ئەگەرەکانەوە دەخرێتە ڕو، بۆ دەرئەنجامی نرخی بەهاکانیش ئامرازە بەسـتێنەرەکان ڕۆڵی کارا دەبینن، چونکە بەپێی جۆری ئامرازە بەسـتێنەرەکان نرخ و بەهای مەسـەلەکان دەگۆڕێت و لەئەنجامدا ئەو نرخەی، کە بەدەسـت دەهێنرێ، دەبێت بەنرخی ڕاسـتی"Truth- Value"ڕسـتەکە"ڕستە ناسـادەکان"(بۆ هەر ڕسـتەیەکیش تەنها یەك نرخی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستی دیاردەکرێت، ئەگەر ڕستەکە ڕاست بو، ئەوا نرخی ڕاستیەکەشی"ڕاست"دەبێت، ئەگەر ڕستەکەش هەڵەبو، ئەوا نرخی ڕاستیەکەشی"هەڵە"دەبێت، کە بۆ هەریەك لەو نرخانە دوو نرخی ڕاستیمان دیاریکردوە، کە ئەوانیش هێما کورتکراوەکان "T" و "F" ە، بۆ نمونە:
7 ـ أ / کەش و هەوا گەرم و وشکە. ئەم ڕستەیە بگۆڕین، بۆ ڕستەیەکی لۆجیکی، ئەوا دەڵێین:
7 - ب/ کەش و هەوا گەرمە و کەش و هەوا وشکە. هەریەك لەڕستەکانی 7(أ و ب) ڕاستبێ، ئەوا ڕستەکانی 8(أ و ب)یش ڕاست دەبێ،8 - أ / کەش و هەوا گەرمە. 8 - ب / کەش و هەوا وشکە. ئەو ڕستانەی، کە بەئامرازی بەستێنەری" و- And " لێکدەدرێن، ئەو کاتە ڕاست دەبن، کە هەردوو لالێکدراوەکە"مەسەلەکە"ڕاست بن، ئەگەرنا لەهەموو بارەکانی تردا هەڵە دەبن) (Jensallwood&others: 1997:28). کەوایە لەمەسەلەلێکدراوەکدا، ئامرازە بەستێنەرەکان نرخی ڕاستی و ناڕاستی بەپێکهاتە بەستراوەکان دەدەن و لەئەنجامدا ئەو نرخەی، کە بەدەست دێت لەڕێگەی ئەمانەوە دەبێت.

2.1.3. پەیوەندی لۆجیکی مەسەلە لێکدراوەکان.

مەسەلە لێکدراوەکان پێکهاتون لەزیاتر لەدەستەواژەیەك، کە لەڕێگەی یەکێك لەبەستێنەرە لۆجیکیەکانەوە بەیەکەوە بەندکراون، کە ئەو بەندەش بەبەندی لۆجیکی Logical Connectives ناودەبرێ، کە کاری هەرە سەرەکییان بەستنەوەی چەند مەسەلەیەکە بەیەکەوە، لەهەمان کاتدا ڕۆڵیش دەبینن لەگۆڕین و هەڵگەڕانەوەی نرخ و بەهای ڕاستی مەسەلەکان، چونکە لەئەگەری هاتنی ئامرازی بەستێنەری" و- And "دا نرخی ڕاستی لەخشتەی ڕاستیدا دەرئەنجامێکمان بداتێ، کە تەواو جیاوازە لەبونی ئامرازێکی تر، ڕاستی و ڕاستەقینەیی چەمکی هەرە سەرەکی لۆژیك و بیرکردنەوەی ڕستەکانن، مەرجی ڕاستیش مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا دەکات، کە لۆژیك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، هەروەك چۆن ڕستەکان بەپێی پێکهاتەکانیان دابەشکراون، بۆ ڕستەی سادە و نسادە، ئەوا بەهەمان شێوە لەڕوانگەی ئەرکەکانیشیانەوە دابەشی سەر دوو پۆل دەکرێن، کە بریتین لە:
یەکەم: ئەو ئاخاوتنانەی، کە هەڵگری زانیارین.

دووەم: ئەو ئاخاوتنانەی، کە بێ زانیارین.

جۆری دووەم ، ئەو ڕستە و ئاخاوتنانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی"پرسیاري، فەرماندان، پارانەوە، ئارەزوومەندی...تاد" دەگرێتەوە، کە هیچ کام لەم جۆرانە هەڵگری زانیاری نین، بۆنمونە:

9ـ وانەکەت بخوێنە. 10ـ کەی سەفەر دەکەی؟

لەبەرئەوە ئەم ئاخاوتنانە هەڵگری نرخی ڕاستی و ناڕاستی نین و لەسەربنەمای زانین دانەمەزراون، بەڵکو قسەکەر چاوەڕێی گوێگر دەکات، بۆ دەستکەوتنی زانیاري، بەواتایەکی تر قسەکەر هیچ زانیارییەکی لەسەر بابەتەکە نییە و ڕاستی و ناڕاستی زانیارییەکان نازانێت، هەرلەبەرئەمەشە، کە(ڕستەکانی پرسیاری و فەرمانی ناتوانن بێنە ژێر ڕکێفی بابەتی دەمەتەقێی مەرجی ڕاستیەوە)(فتح الله: 2009: 190)، بۆیە ئەم جۆرە ڕستە و ئاخاوتنانە ناکەونە بەر شلۆڤەکارییە لۆژیکییەکانەوە، بەڵکو ئەم جۆرە ڕستانە زیاتر لەلایەن پراگماتیکەوە لێکدەدرێنەوە پێشگریمانەکانیان دەکەونە سنوری پێشگریمانەی پراگماتیکییەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا جۆرێکی تری ڕستە هەن، کە هەڵگری زانیارین و بریتین لەو ئاخاوتنانەی، کە زانیاری دەبەخشن و دەخزێنە نێو شلۆڤەکارییە لۆژیکییەکانەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕستە هەواڵییەکان دەگرنەوە، کە قسەکەر بەرهەمهێنەریتی و ویستی گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییە لەسەر ئەو شتەی، کە دەیەوێت وەسفی بکات، یان قسەی لەبارەوە بکات، بەمەش قسەکەر زانیاری تەواوی هەیە لەسەر بابەتەکە، بەڵام دیاریکردنی نرخی ڕاستییان خۆی لەهەردوو ئەگەری ڕاست، یان ناراست دەبینێتەوە، چونکە(یەکەی زانیاری لەڕستەی هەواڵیدا نرخی ڕاستی و ڕاستەقینەی دیاریکراوی تێدایە، کە ڕاست، یان چەوتە، ئەم جۆری ڕستانە توانای سەلماندن و بەرپەرچدانەوەیان تێدایە، چونکە دەشێت ڕاست بن ، یان هەڵە)(حمەغریب: 2016: 108) .لەبەر ئەم هۆکارەش لۆجیك خۆی بەووەها ئاخاوتنێك خەریکدەکات، کە تیایدا هەم هەڵگری نرخی ڕاستی و ناڕاستییە و هەم خاوەنی پێشەکی لۆجیکی و دەرئەنجامە، کە بابەت و کەرەستەیەکە(لۆجیك کردویەتی بەپاوانی خۆی و توێژینەوەی تێدادەکات، بەتایبەتی دەستەواژەی دوو بەها و پرۆپۆزیشن و لەنێوانیشیاندا پەیوەندی لۆجیکی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ)(عزیز: 2016: 45).لە لۆجیکی نوێدا بابەتی"پەیوەندی" ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە لەلۆجیکی نوێدا ئەو بابەتانە گۆڕانی بەسەردا هاتوە، لەلۆجیکی نوێدا بابەتەکان بوە بەلۆجیك و ئەنجامگیری پەیوەندییەکان و لەهەمان کاتدا لۆجیکی نوێ هێندە لەمیتۆد و شێواز و بابەتی بیرکاری نزیك بۆتەوە بەجۆرێك، کە بەلۆجیکی بیرکاری"حساب القضايا Proposition - Calcus"ناو دەبرێت، هەر لەبەرئەوەشە دەوترێت، کەوا لۆجیکی نوێ لەزەمینەی بیرکاریدا شین بوە، ئەو پەیوەندییە لۆجیکیەی، کە لەنێوان مەسەلەلێکدراوەکاندا هەیە و لەڕێگەی یەکێك لەبەستێنەرە لۆجیکیەکانەوە هاتونەتە بون، ئەوا لە لۆجیکی نوێدا پشت ئەستور بەزانینی بیرکاری ئەو پەیوەندییە لۆجیکیانە شیدەکاتەوە، لەبەرئەوە(خۆ خەریککردن بەبابەتی لۆجیکی نوێ پێویستی بەشارەزاییەکی تایبەتی سیمبولی بیرکاری هەیە)(عزیز: 2016: 95)، چونکە لەمەنتقی بیرکاریدا پێویستە مەسەلەکان لابرێن و لەبڕی ئەمان سیمبول و هێما دابنرێ و لەوەها بارێکیشدا وێنە و فۆڕمەکە ناگۆڕێت و هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.
لەمەسەلەلێکدراوەکاندا چەند ئامرازێك هەن، کە پەیوەندی لۆجیکی بەرهەمدێنن لەنێوانیان پێکهاتەکاندا، کە لەلۆجیکدا گرنگ و بایەخی تایبەتیان پێدراوە.

4. لۆجیك و ئامرازەکانی بەستنەوە.

ئامرازە بەستێنەرەکان بریتین لە" ئامرازی لێکدەر- Coordinating Counjuction"و" ئامرازی گەیەنەر- Subordinating Counjuction"، کە ڕستەکان پاراتاکتیك و هیپۆتاکتیکن، کە هەریەك لەم ئامرازانە ڕۆڵی بەستنەوە و بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەکی نوێ دەبینن، بەڵام لەلۆجیکدا ئەم ئامرازانە جۆرە پەیوەندییەك دروستدەکەن، کە بەپەیوەندی لۆجیکی نێوان مەسەلەکان ناودەبرێن و ئامرازەکانیش پێیان دەوترێت"بەستێنەری لۆجیکی Logical - Counective"، کە ئەم بەستێنەرانە (دەکرێ لەچەند دەستەواژەیەکی سادە و هی تر، دەستەواژەیەکی لێکدراو پێکبهێنن)(عزیز: 2016: 102)، لەکاتی بەستانەوەی مەسەلەکاندا لەڕێگەی پێشەکیەك، یان زیاتر ئەنجامێك دێتەبون، هەروەها ئەو پێشگریمانانەی، کە هەن پێشگریمانەی لۆجیکین ، کە دەتوانین بڵێن (ناوی جێگرەوە، بۆ پێشگریمانەی لۆجیکی بریتیە لە"پێشگریمانەی بیرکاری /کالکۆلی/Propostion Calculus"، کە مامەڵە دەکات، لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی نێوان مەسەلەکان، پێشگریمانە لێکدراوەکانیش جۆرێکن لەپێشگریمانە، کە دەتوانین دابەشی بکەین بۆ دو بەش:

- ئەو پێشـــگریمانانەی، کە پەیوەســـتن بەرســـتەلاوەکیەکان"رســـتە تەواوکەرییەکان"، ئەو پەیوەستبونە بەدەرکەوتەی پێشگریمانەیش ناسراون.

- ئەو پێشـــگریمـانـانەی، کە لەرێگەی بەســـتێنەرەکـانی وەکو"و/ And " لەیەکتری دەدرێن) (HilmanParadede: 2016: 45,46) ، کەواتە لەپێکهـاتی ئەم جۆرە مەســـەلەلێکـدراوانەدا، بەســـتێنەرە لۆجیکیەکـان ڕۆڵی کـارا دەبینین لەپێـدانی نرخی ڕاســـتی و هەڵە، لەڕوانگەی لۆجیکەوە (5) جۆر پەیوەندی بەرهەم دێنێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

1.1.4. لۆجیکی بەندی" نەرێکردن ـ Negation " .

نەرێکردن یەکێکە لەبەســـتێنەرە لۆجیکییەکان، کە بۆ نواندنی ئەم پەیوەندییە لە لۆجیکی بیرکاریدا چەند هێما و ســـیمبولێکی بۆ دانراوە، کە باوترینیان بریتیە لە(~) جگە لەمە(هەندێك هێما و ڕەمزی تریش هەن، کە بەرامبەر بە نەرێکردن بەکاردێت، کە بریتین لە(- ، ¬)، کە ئەمانە کەمتر بـاون و بەکـاردێن)(Jensallwood&athers:1997:30)، کە ئەم هێمـایـانە مەبەســـتی پێچەوانەیی دەگەیەنێت واتە(هەر دەستەواژەیەکی لۆجیك پەیوەندی ناکردنی بچێتەسەر, یان بخرێتە ســەری بەتەواوەتی بەها لۆجیکیەکەی دەگۆڕدرێ، ئەگەر دەســتەواژەکە خۆی ڕاست بو، بەناکردنەکە دەبێ بەچەوت و بەهاکەی پێشـوی بەیەکجاری لەدەسـت دەدات، پێچەوانەکەشـی ڕاســـتە)(عـزیـز: 2016: 104)، کەواتە(نەرێ لەلـۆجـیـکـدا بەکـاردێـت، بـۆ بەســـتـانەوەی ڕستەناسادەکان و پێدانی نرخی ڕاستی، بۆ هەریەك لەمەسـەلە و پێشگریمانە دژەکان, ئەگەر :
11- أ/ بەفر دەبـارێـت / ڕاســـت بێـت ، ئەوا 11- ب/ بەفر نـابـارێـت / دەبێـت بەهەڵەوە پێچەوانەشەوە(Jensallwood & athers: 1997:30).

P	P¯
T	F
F	T

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەگەربێت و دەستەواژەیەك بەهاكەی ڕاست بێت و نەرێ بكرێت، ئەوا بەهاكەی پێچەوانە دەبێتەوە، لەوەها بارێكیشدا دووجار بەها و نرخی ڕاستی دەبێت لەخشتەی ئەگەرەكاندا، لەزمانی كوردیدا ئامرازەكانی نەرێكردن بریتین لە(نە، نا، مە)، كە بەپێی جۆری كار، كە لەناو مەلەســـەلە و دەســـتەواژەكاندا هاتوە دەگۆڕێت، ئەگەر كارەكە ڕابوردوبو، ئەوا ئامرازی"نە"و ڕانەبوردو ئامرازی"نا" و كاری داخوازی"مە"وەردەگرێت، كە دەچێتە بەشـــی پێشـــەوەی كارەكان، بەها و نرخی پەیوەندییە لۆجیكییەكان پێچەوانە دەكەنەوە، لەبەرئەوە لەكاتی بەكاربردنیدا، وەكو فۆڕمێكی لۆجیكی مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، بۆنمونە:

12/ أ ـ سیروان سیمای خوشدەوێت .   " ئەرێ"

ب ـ سیروان سیمای خۆشناوێت.   " نەرێ"   1/أـ P   ب ـ ¬P

13/ أ- لەرێ لەوانەی هونەر زیرەكە و لیاش لەوەرزش.   2/أـ Q∧ P   ب-¬Q ∧ ¬P

ب ـ لەرێ لەوانەی هونەر زیرەك نییە و لیاش لەوەرزش.

لەلۆجیكدا ڕاستیەك هەیە، كە ئەگەر دوجار نەرێكردن بەسەر دەستەواژە و مەسەلەیەكدا بێت، ئەوا نرخ و بەها ڕاستیەكەی ڕاست دەبێت، بۆ نمونە:

14ـ درۆیەكە درۆبوو .   " نرخی ڕاستیەكەی (ڕاست)دەبێت"

15 ـ نەخۆش كەوتنی دارا درۆ بوو.   " نرخی ڕاستیەكەی (ڕاست) دەبێت"

لەم ڕســـتانەدا ئامرازەكانی نەرێكردنی وەكو"نە، نا، مە"ش نەهاتوە، بەڵام لۆجیك و مەنتقی پێكهاتەكان، مەبەستی نەرێكردنیان بەپێكهاتەكان بەخشیوە، بۆیە لەئەگەری هاتنی دو دەربڕاو بەنەرێ، بەهاكەی ڕاست دەبێت، لەخوارەوە مەبەست و بەهای ڕستەكانی پێشوی ڕونكراوەتەوە:

16- قسەكەی، كە كراوە وەكو درۆكردنێك ئەوە وانەبووە.

17- دارا نەخۆش نەكەوتووە.

لەخشتەی ڕاستیەكاندا بەهایی ڕاستیەكەیان بەم جۆرە دەبێت :

أ -

P	¬(¬P)
T	F
F	T

ب ـ

Q	¬(¬Q)
T	F
F	T

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەزماندا هەرگیز ناکرێ هەردوو ئەگەری"ڕاست و هەڵە" بەیەکەوە لەیەك مەسەلە و دەستەواژەدا پێکەوە کۆبکرێنەوە، واتە(نابێت ڕستەی"ئەرێ" و"نەرێ" لەیەك کاتدا ڕاست بن، وەك: - من ئێستا لیرەم . - من ئێستا لێرەنیم.، ئەگەر یەکێکیان ڕاست بێت ئەوەکەی تر ناڕاست دەبێت و نەرێی ڕستەی ڕاست ڕستەی ناڕاستیمان پێدەدات و نەرێی ڕستەی ناڕاست ڕستەی ڕاستیمان پێدەدات) (موشیر: 2015: 166) ، نەرێکردن پێچەوانەی نرخی ڕاستی مەسەلە بنەڕەتییەکانە.

2.1.4. لۆجیکی بەندی" بەستنەوە ـ Conjunction".

له لۆجیکدا بەستنەوە" Conjunction"یەکێکە لەو پەیوەندییە لۆجیکیانەی، کە لەئەنجامی لێکدانی نێوان مەسەلەکاندا هاتۆتەبون، ئەو ئامرازەی، کە زۆر کارایە لەم پەیوەندییەدا، ئامرازی بەستنەوەی"و- and"ە، کە بەبڕوای " Lyons"(بەستنەوەی هەریەك p وq لەڕێگەی بەستێنەرەکانەوە دەبێت و لەئەنجامدا پەیوەندی بەستنەوە دروست دەبێت)(Lyons:1997:143)، مەبەست لەو بەستێنەرەش ئامرازی یەکگرتن و پەیوەستبونی"و"ە، کە لەلۆژیکدا بەرامبەر بەم ئامرازە هێما و سیمبولی (٨، &) بۆ دانراوە، زۆرجار ئامرازی بەستێنەری(و) بەئامرازی (و)ی کۆکەرەوە ناودەبرێت، چونکە کەرەسە و مەسەلەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لەئەنجامی کۆکردنەوەی مەسەلەکان بەیەکەوە، ئەوا نرخ و بەهایەکی جیاواز دێنێتەبون، کە تەواو پەیوەستە بەڕاست و دروستی مەسەلە کۆکەرەوەکان بەر لەلێکدانیان و کۆکردنەوەیان بەیەکەوە، لەم بارەیەوە("هدلستۆن- Huddleston" دەڵێت ئەگەر ئێمە دو مەسەلەی وەکو p و q لەیەکتری بدەین لەڕێگەی بەستێنەری (و)، ئەوا ئەنجامی بەستنەوەی نێوانیان ئەوکاتە ڕاست دەبن، ئەگەر هەردو لالێکدراوەکە ڕاست بن، ئەگەرنا لەهەمووبارەکانی تردا هەڵەدەبن)(Huddleston:1988:195). (دەتوانین ئەو ڕاستییەی سەرەوە کورتبکەینەوە لەخشتەی ڕاستی لەگەڵ گۆڕینی مەسەلەکان بەسیمبول لەناو خشتەکاندا، وەك،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

p	q	p & q
T	T	T
T	F	F
F	T	F
F	F	F

دەبینین لەهەموو ئەگەرەکاندا نرخی ڕاستی لەلێکدانی p وq دا هەڵە دەبێت، تەنها لەوبارەدا نەبێت، کە هەردو لالکێنەرەکان ڕاست بن)(Jens allwood & others:1997:32)، هەربۆیە لێرەدا چوار ئەگەرمان دەبێت، تا بنوانین نرخی ڕاستی مەسەلەکان دیاربکەین، بۆنمونە:

18- أ/ مەحوی کوردە و مەحوی شاعیرێکی سۆفیگەریشە.

لەڕستەی" 18أ"دا بەپێی لۆژیك دەتوانین کەرەسە دووبارەکان بەیاسای لادان لەکاتی لێکدانی بەهۆی ئامرازی بەستێنەری (و) دوبارە نەکەینەوە، بۆیە ڕستەکە ئەم فۆڕمەی دەبێت:

19- ب/ مەحوی کوردە و شاعیرێکی سۆفیگەریشە. بەپێی خشتەی ڕاستی ئەم ڕستەیە بەچوار ئەگەر تێدەپەڕێ، تا ئەنجامێکی لۆجیکی بدات:

1- مەحوی کوردە و شاعیرێکی سۆفیگەریشە، (p) ڕاستە و (q) ڕاستە، $p \wedge q$ ڕاست دەبێت.

2- مەحوی کورد نییە و شاعیرێکی سۆفیگەرییە. (p) هەڵەیە (q) ڕاستە، $p \wedge q$ هەڵە دەبێت.

3- مەحوی کوردە و شاعیرێکی سۆفیگەریی نییە.(مەسەلەی یەکەم ڕاستە و مەسەلەی دووەمیش هەڵەیە، ئەنجامیش هەڵە دەبێت). (p) ڕاستە و (q) هەڵەیە ، $p \wedge q$ هەڵە دەبێت.

4-مەحوی نەکوردە و نەشاعیرێکی سۆفیگەریشە.(لا لکێنەرەکان هەڵەن، ئەنجامیش هەڵە دەبیت). (p) هەڵەیە و (q) هەڵەیە ، کەوایە$p \wedge q$ هەڵە دەبێت. بەپێی لۆجیکی بیرکاری لەخشتەی ڕاستیدا بەهای ڕاستیەکان بەم شێوەیە دەبێت:

p	q	p∧q
1	1	1
1	0	0
0	1	0
0	0	0

لەکردەی بەستنەوەی نێوان مەسەلەکاندا بەهۆی ئامرازی" و"دا پەیوەندییەکی یەکسانیش لەنێوان مەسەلەکاندا دروستدەکات، واتە(p∧q) یەکسانە بە($q \wedge p$)ئەگەر("لەرێ و لیار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەتاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتن" ڕاست بێ) ئەوا (" لیار و لەرێ لەتاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتن"یش ڕاست دەبێ) ئەگەر وە ڕاستییە لەوێنەیەکدا بینوێنین، بریتی دەبێت لە:



3-1-4. لۆجیکی بەندی "جیاکاری . Disjunction ".

یەکێکی تر لەپەیوەندییە لۆجیکیەکانی نێوان مەسەلە و دەستەواژەکان بریتییە لەبەستنەوە لەڕێگەی ئامرازی جیاکاری/ هەڵبژاردە، کە لەزمانی کوردیدا ئامرازی لێکدەری"یان" ئەو ڕۆڵە دەبینێ(ئامرازی"یان"ی جیاکاری یەکێکە لەئامرازە دیارەکانی زمان، لەلۆجیکدا بەکاردێت، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی لێکدراو)(Jens allwood & others:1997:34)، بەرامبەر بەم ئامرازە لەلۆجیکدا هێما و سیمبولی(v) بەکاردێت، کە زیاتر لەمەسەلە و دەستەواژەیەك بەیەکتر دەبەستێتەوە، لەم بارەیەوە" هدلستۆن- Huddleston"دەڵێت(ئەگەر ئێمە هەریەك لە(p و q) لەیەکتری بدەین لەڕێگەی ئامرازی جیاکارییەوە، ئەوا لەئەنجامی ئەم لێکدانەدا "q or p"ئەو کاتە هەڵەدەبێت، ئەگەر هەردو لاکێنەرەکە هەڵەبن، جگە لەمە لەهەموو بارەکانی تردا ئەنجامی لێکدانەکە ڕاست دەبێت) (Huddleston: 1988:195) . لەبارێکی وادا چوار ئەگەر هەیە، تا نرخی ڕاستی مەسەلەکان دیاربکرێن، چونکە کاتێك ئامرازی"یان- or "دەچێتە سەر ڕستەیەك، ئەوا هەڵبژاردن و پەیوەندی جیاکاری لەنێوان پێکهاتی ڕستەکان دروستدەکات، بەمەش لەناو ڕستەیەکی لێکدراودا دو ئەگەری هەڵبژاردن لەچوار بەها و نرخی جیاواز دەخاتە بەردەست، کە (لەخشتەی ڕاستی مەسەلەکاندا، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

p	q	p ∨ q
T	T	T
T	F	T
F	T	T
F	F	F

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی لەخشتەکەدا دیارە ئەوەیە کاتێك هەردولای مەسەلە لێکدراوەکان هەڵەبن، ئەوا ئەنجامی لێکدانی ڕستەکەش هەڵەدەبێ، جگە لەمە لەهەمووئەگەرەکانی تردا ڕاست دەبن)(Jensallwood&others:1997:35)،

4-3.1. أ. جیاکاری ڕەها ـ Exclusive .

ئەم جۆرە ، هەڵبژاردن، حصر و قەتیس دەکا و ڕێگە نادات لەیەك کاتدا دو کردە بەیەکەوە ئەنجامبدرێت، واتە کاتێك مەسەلەکان ڕاستدەبن، ئەگەر نرخی هەردو لالێکدەرەکە، وەکو یەك نەبن، بەڵکو تەنیا یەکێك لەکردەکان ئەنجام درابێت،واتە(pvq¬)یان(p¬v q)، جگە لەم بارە لەهەمووبارەکانی تردا هەڵە دەبێت، چونکە لەم جۆرە جیاکاری ڕەهایەدا ڕێگە بەکۆکردنەوەی دوشت بەیەکەوە نادات بەپۆزەتیف و نێگەتیڤیشەوە، لەبەرئەوە لەدەستەواژەی جیاکاری ڕەهادا نرخی ڕاستی لەخشتەی ڕاستی مەسەلەکاندا دەگۆڕێت، بۆ نمونە:

20ـ سیروان یان دەخەوێت یان یاری دەکات.

1ـ ئەگەر هەردولالکینراوەکانq و p ڕاست بێت، ئەوا ئەنجامە لێکدراوەکە هەڵەدەبێت، چونکە ناکرێت لەیەك کاتدا سیروان یاری بکات و بشخەوێت. هەردوکی هەڵبژێري، ئەوا هەڵە ـF.

2- ئەگەر لایەکی لکێنراوی p ڕاست و لاکەی تری q هەڵە بێت، ئەوا ئەنجام ڕاست دەبێت، چونکە تەنیا یەکێك لەکردەکانی ئەنجام داوە. یەکێکیان هەڵنەبژێري، دەبێتە ڕاست ـT.

3- ئەگەر لایەکی لکێنراوی p هەڵە و لاکەی تری q ڕاست بێت، ئەوا ئەنجام ڕاست دەبێت، چونکە تەنیا یەکێك لەکردەکانی ئەنجام داوە. یەکێکیان هەڵنەبژێري، دەبێتە ڕاست ـT.

4- ئەگەر هەردوولالکینراوەکان(qوp)هەڵە بێت، ئەوا ئەنجامە لێکراوەکە هەڵەدەبێت، چونکە ناکرێت هیچ کام لەکردەکانیشی نەکردبێ هیچیان هەڵنەبژێري، ئەوا دەبێتە هەڵە ـF.

بەمەش نرخی ڕاستی لەخشتەی ڕاستی مەسەلەکاندا بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

p	q	p ∨ q
T	T	F
T	F	T
F	T	T
F	F	F

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3.1.4- ب. جیاکاری ئاسایی ـ Inclusive .

ئەم جۆرە جیاکارییە بریتییە لەهەڵبژاردنی ئاسـایی نێوان لالێکدراوەکان، کە تیایدا ڕێگە بەهەڵبژاردنی نێوان کردەکان دەدات بەچوار ئەگەر لەنرخی ڕاسـتی، لەبەرئەوە نرخی مەسـەلەکان ڕاست دەبێت ئەگەر یەکێك لەلاکان ڕاسـت بێت، یان هەردولالێکدراوەکە ڕاسـت بێت، تەنها لەکاتی بونی هەردوولاکە، کە هەڵەبێ ئەوا نرخی ڕاسـتییەکەی هەڵەدەبێت، بەمەش نرخی ڕاستی دەسـتەواژەکان لەسێ باردا ڕاسـت و لەبارێکدا هەڵەدەبێت، کە جیاوازە لەچاو جۆری یەکەم لەجیاکاری ڕەها، لەم بارەشدا خشتەی ڕاستی مەسەلەکان بریتی دەبێت لە:

p	q	p ∨ q
T	T	T
T	F	T
F	T	T
F	F	F

لەبەندی جیاکاریدا جیاوازی لەنێوان ئەم دوو جۆرە کراوە(بەجۆرێك بەرامبەر جیاکاری ڕەها لەهەندێ کاتدا سیمبول و هێماکەشی جیاکراوەتەوە وهێمای(∨)بۆ دانرا وە، بەڵام بۆجیاکاری ئاسـییەکایە هەر هێمای ∨ وەکو خۆی ماوەتەوە)(Jensallwood&others:1997:35)، ئەم جیاوازییەش زیاتر لەڕێگەی کۆکردنەوەی نێوان هەڵبژاردنەکان بەیەکەوە دێت، کاتێك دو کردە لەیەك کاتدا هەمان نرخیان دەبێت لەهەڵبژاردن و جیاکاری ڕەهادا نێگەتیف دەبن و نرخێکیان نامێنێ(یەکێك لەهۆکارەکان، نرخی ڕاسـتی لەجیاکاری ڕەهادا دەگۆڕێت، ئەوا بەکارهێنانی"و - and"لەگەڵ نەفیکردنی جیاکاری ئاساییەکە(Inclusive)، بەپێی ئەم ڕێگایەی خوارەوە دەبێت (Jens allwood &others: 1997:36)، بەپێی ئەم ڕێگایەش بێت ¬(p&q) (q∨p)∧، خشتەی ڕاستی لە(Enclusive)دا بەم شێوەیە دەبێت:

p	q	p ∧ q	¬(p ∧ q)	p ∨ q	p ∧ q ∧ ¬(p & q)
T	T	T	F	T	F
T	F	T	T	F	T
F	T	F	T	T	T
F	F	F	T	F	F

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەجیاکاری ڕەهادا تەنیا دو نرخی ڕاستی و دونرخی هەڵەمان دەبێت" کەوایە لەپەیوەندی بەندی جیاکارییدا دەتوانین سێ ئەگەر، بخەینە ڕو، ئەگەرەکانیش بریتین لە:

1.3.1.4.جەمسەرەکان نە کۆدەکرێنەوە و نە نەفیدەکرێنNo Colicte/ ، No Negate.

ئەو بڕیارانەن، کە جیاوازی و ناجیاوازی نێوان جەمســـەرەکان دیاردەکەن، بۆ نمونە، لەزمانی کوردیدا دو جۆر ژمارەمان هەیە، کە بریتین لە:



لەکاتی هەڵبژاردن لەنێوان ژمارەکاندا ناتوانرێت نە بەیەکەوە کۆبکرێنەوە و نە نەفی بکرێن:

21/أ- ژمارە 3 نەتاکە نەکۆیە. No Negate، 21/ ب - ژمارە 3 تاکیشە کۆشە. No Colicte.

دەتوانرێ لەڕێگەی" یان ـ v"ی جیاکارییەوە ئەو دوو جەمسەرە جیاوازانە لەیەکتری بدرێن:

22ـ أ/ ژمارە 3 v تاکە v جوتە . 22ـ ب - ژمارە سێ ، یان تاکە یان جوتە.

2.3.1.4. جەمسەرەکان کۆناکرێنەوە،بەڵام نەفیدەکرێنNo Colicte / ،No Negate.

لەم بـارەدا جەمســـەرەکـان دژی یەکتر دەوەســـتن، نـاتوانرێ بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، بەڵکو دەتوانرێ نەفیبکرێن، لەکاتی دانانی ئامرازی"یان"ی جیاکاری پەیوەندییەکە دروستدەبێت:

23- أ پێستی مرۆڤ، یان ڕەشە، یان سپی یە.

ب ـ پێستی مرۆڤ ڕەشە و سپیشە. ناتوانرێ بوترێ ، No Colicte

ت - پێستی مرۆڤ نە ڕەشە، نە سپییە. نەفی دەکرێ، دەکرێ پێستی مرۆڤ ئەسمەر، یان سور .

3.3.1.4. جەمسەرەکان کۆدەکرێنەوە، بەڵام نەفی ناکرێنNo Colicte/،No Negate.

لەم بارەداجەمسەرەکان لەگەڵ یەکتریدا کۆدەکرێنەوە، بەڵام نەفی ناکرێن، بۆ نمونە:

24ـ أ/ عبداللە پەشێو یان شاعیرێکی داهێنەرە یان لاسایی کەرەوەیە.

ب ـ پەشێو شاعیرێکی داهێنەر و لاسایی کەرەوەیە. کۆدەکرێنەوە / Colicte

ت - پەشێو نەشاعیرێکی داهێنەرە و نەشاعیرێکی لاسایی کەرەوەیە. نەفی ناکرێنNo Negate/

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4.1.4. لۆجیکی بەندی "گرتنەخۆ ـ" / " Implication پابەندبوون ـ"Obligation .

یەکێکی تر لەپەیوەندییە بەندییە لۆجیکییەکان پابەندبون، یان گرتنەخۆیە، کە لەڕێگەی ئامرازی مەرجی"ئەگەر ...ئەوا"If....Than" / دا دروستدەبێ، کە ئەم ئامرازە بەکاردێت، بۆ بەندکردن و پەیوەستکردنی ڕستەکان بەیەکترەوە و لەئەنجامدا ڕستەیەکی ئاڵۆزی مەرجی"Condition Sentences"دروستدەبێ، لەبەرئەوە (ئەو بەندە لۆجیکییە لەهەندێ سەرچاوەدا، بەندی مەرجەکی و گریمانەیی پێدەگوترێت) (عزیز: 2016: 109). لەم جۆرە پێکهاتانەدا مەسەلەی یەکەم ڕستەیەکی مەرجییە و مەسەلەی دووەم وەڵامی مەرجییە، بۆیە ڕودان و ڕونەدانی مەسەلەی دووەم پابەند دەبێت بەڕودان و ڕونەدانی مەسەلەی یەکەمەوە.

لەبەرئەوە(دەستەواژە و پێشگریمانە لۆجیکییەکان لەپابەندبون و گرتنەخۆدا جیاوازە لەو دەربڕاوە ئاسایانەی، کە لەزماندا هەیە، کە ئامرازی""If....than" ئەگەر...ئەوا" بەستێنەرە دیارەکەیانە)(Jensallwood & others:1997:37). کەوایە دو دەستەواژە بەیەکترییەوە پابەند دەکرێن بەشێوەیەکی ناچارەکی و لەئەنجامدا بەندکردنێك لەنێوانیان دروستدەبێت و ڕستەیەکی ئاڵۆزی مەرجدار بەرهەمدەهێنرێت، کە پێیان دەوترێت دەربڕاوە مەرجدارەکان، ئەم دەربڕاوە مەرجدارانەش لەدو پێشەکی و ئەنجامێك پێکدێت و پێکهاتەکەیان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە بەواتایەکی تر(ڕستەی مەرجی ڕستەیەکی ناسادەیە و لەدو ڕستەی لۆجیکی پێکهاتوە و دو بەهای تێدایە بەهای"Truel "ڕاست و بەهای"False" چەوت، واتە مەرجی ڕاست و چەوت، ڕاست واتە مەرج ڕوەدات و بەهاکەی ڕاست"Truel"دەبێت، چەوتیش مەرج ڕونادات و بەهاکەی چەوت"False"دەبێت)(تحسین: 2012: 53) .لەدەربڕاوە مەرجییەکاندا چوار نرخی ڕاستی لەڕێگەی چوار ئەگەرەوە دەخرێتە ڕو، و(هێما و سیمبولی تایبەتیش بەپەیوەندی گرتنەخۆ، یا پابەندبون بریتییە لە(←) هەروەها هێمای(⊃)یشی بۆ دانراوە، کە ئەمەیان لەوە دەچێت زۆر باوتربێ، بەڵام بەئاسانی تێکەڵدەکرێ لەگەڵ هێما (⊃))(& others:1997:37 Jens allwood)ئەم پەیوەندییە بریتییە لەگرتنەخۆی بەشێك لەبەش و پێشەکییە سەرەکییەکە، بۆیە دەکرێ هێمای بەشەکۆمەڵە(⊃)ی کالکۆلیشی، بۆ دابنرێ، بەڵام بۆئەوەی تێکەڵ نەکرێت هەر هێمای(←) بۆ دانراوە، لەخشتەی ڕاستی مەسەلەکاندا چوار ئەگەر هەیە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

p	q	p → q
1	1	1
1	0	0
0	1	1
0	0	1

p	q	p → q
T	T	T
T	F	F
F	T	T
F	F	T

25- ئەگەر سیما بخوێنێ، ئەوا دەردەچێت / p← q. چوار ئەگەر هەیە، بۆ زانینی نرخی ڕاستی:

1- " سیما بخوێنێ" (p)ڕاستبێ " سیما دەردەچێت"(q) ڕاستبێ ، ئەوا p ← q ڕاستدەبی.

2ـ " سیما بخوێنێ"(p) ڕاستبێ ، "سیما دەرناچێت"(q) هەڵەیە، p ← q هەڵە دەبێ.

3ـ " سیما نەخوێنێ"(p) هەڵەیە،" سیما دەردەچێت"(q)ڕاستبێ، p ← q ڕاست دەبێ.

4- " سیما نەخوێنێ "(p) هەڵەیە " سیما دەرناچێت" (q)هەڵەیە،q p ← ڕاست دەبێ، چونکە لەئەنجامی چەوت و چەوتدا ڕاست دەکەوێتەوە، ئەگەر سیما نەخوێنێ، ئەوا دەریش ناچێ، ئەنجامەکەشی دروستە، کەواتە لەم جۆرە بەندە لۆجیکیانەدا تەنیا یەك ئەگەر هەڵەدەبێ، ئەوانی تر هەموی ڕاست دەبن، چونکە (p) پابەندی نەفی ¬(p) دەبێت، واتە(خشتەی ڕاستی گرتنەخۆ پێمان دەڵێت، کە تەنها حالەتێك هەڵە دەبێت، کە مەسەلەی یەکەم (p) ڕاستبێ و (q) مەسەلەی دوەم هەڵەبێ ئەویش لەبەرئەوە، کە تەواو پابەندی یاسای (¬p∨q) دەبێت (Jens allwood&Others1997: 39) (، لەم خشتەیەدا ڕونکراوەتەوە:

p	q	¬ p	p → q
T	T	F	T
T	F	F	F
F	T	T	T
F	F	T	T

26- ئەگەر مەحوی شاعیرێکی کوردبێت ئەوا مەحوی شاعیرێکی یۆنانیشە.

لەم ڕستەیەدا مەسەلەی یەکەم (p) ڕاستە، و مەسەلەی دووەم (q) هەڵەیە، لەئەنجامیشدا q ←p هەڵە دەبێت، چونکە وەڵامی مەرج هیچ گرتنەخۆیەکی نییە لەگەڵ پرسیاری مەرج.

5.1.4.لۆجیکی بەندی "هاوتابوون ـ Equivalence" .

جۆرێکی ترە لەپەیوەندی بەندکردنی لۆجیکی، کە بەپەیوەندی و بەندکردنی هاوتابون و یەکسانی ناودەبرێ، ئەم پەیوەندییە لەڕێگەی بەستێنەری(ئەگەر و تەنها ئەگەر "If only If"

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتایبەت"کاتێك، When"و " and " تەنیا کاتێك،Only when" و" تەنیا ئەگەر،Only if" هەندێ کاتیش بەتەنیا ئامرازی"ئەگەر،If"ەوە دەبێت)(Jensallwood&others:1997:40) ، کاتێك، کە(دو دەستەواژەProposition" "بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەستەواژەیەکی دیکەیان لێپێکدێت پێ دەوترێت"دەستەواژەی لێکدراوی یەکسانی") (عزیز: 2016: 110). چونکە دەرئەنجامی زانینی نرخی ڕاستی هەردولا ئەنجامێك دەدەن، کەوا دەکات نرخی مەسەلەکان لەپێکهاتەلێکدراوەکەدا یەکسان بوەستن، یان نا، چونکە(ئەگەر هەردو دەربڕاوی "p, q"ڕاست، یان هەڵە بون، ئەوا دەربڕاوەکە ڕاستدەبێت، ئەگەر p ڕاست بێت و q هەڵە بێت، بەپێچەوانەوە دەربڕاوەکە هەڵە دەبێت، کەواتە کاتێك (q, p)، وەك یەکبون دەربڕاوەکە ڕاست دەبێت)(حمەغریب: 2016: 94).ئەمەش ئەوە دەخاتەڕو، کەوا(لەیەکسان بوندا ئەرکی ڕاستی شیکاری دەوەستێتە سەر"دوبابەت ـ لەپێشگریمانە ومەسەلەکان"واتە یەکێکیان لەمەسەلەی یەکەم، بۆ دوەم لەڕێگەی پەیوەندی گرتنەخۆ (q⟶ p)، کە لەڕێگەی پەیوەندی گرتنەخۆی نێوان مەسەلەکاندا پەیوەندی هاوتابون و یەکسانی دێتەبون)(Jens allwood &others :1997:40) ، کەواتە لەڕوانگەی لۆجیکەوە دو دەستەواژە یەکسان دەبن، ئەگەر لەنرخ و بەهایاندا یەکسان بن، بەمەش(یەکسانی بریتییە لەگرتنەخۆی دەستیاوی بەرانبەر، لەنێوان دو دەستەواژەی یەکساندا، چونکە هەر دەستەواژەیەك لەدو دەستەواژەکە ئەوی دیکە دەگرێتەخۆی و لێدەکەوێتەوە، ئینجا هەردو بەندی گرتنەخۆ و ساکار و سادەی دەخرێتە سەر، بۆیە دەکرێ هاوکێشەکە بەو جۆرە دەرببردرێ بەوەی جێگۆرکێ بەبەشی دەستەواژەکان دەکرێ)(عزیز: 2016: 111). لەلۆجیکدا ئەو سیمبولەی کە(بەهێمای تایبەت بەیەکسانبون دادەنرێت و لەوانە (≡)، کە باوترینیانە و بەڵام هەندێکجار سیمبوڵی " ↔ ، ⊂ ⊃ " بەکاردێت) (Jensallwood & others:1997:41)، لەبەرهاوشێوە نەبونی لەگەڵ سیمبولی یەکسانی لەبیرکاریدا هێمای (≡)، بۆدانراوە، هەروەك دەزانین یەکسانبون نەگۆڕێکە، بۆ دو دەستەواژە بەکاردەهێنرێت، ئەگەر و تەنها ئەگەر لەیەکێك لەبەها و نرخەکانیاندا یەکسان بن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1.5.1.4. یاسای یەکەمی هاوتابون.

$1/\ P \leftrightarrow \neg(\neg P)$

$T \leftrightarrow \neg(\neg T)$

$T \leftrightarrow T$

40- ـ مردنەکەی سیروان درۆبوو $\neg(\neg(P))$ ↔ سیروان زیندووە (P).

T ↔ T

لەیاسای یەکەمدا هاوتابون لەنێوان مەسەلەکاندا ڕودەدات، کاتێك نرخی P ڕاست بێت و نەفی نەفیکردنەکەی q ڕاستبێ، مەرجیشە نرخی ڕاستی هەردو لا لێکدراوەکە وەکو یەك بن، گرنگ نییە بەهاکەی ڕاستبێ یان هەڵە، بەڵکو مەرجە هەردو لا یا ڕاستبن یا هەڵە.

$2/\ (p \rightarrow q) \leftrightarrow (q \rightarrow p)$

2.5.1.2. یاسای دووەمی هاوتابون.

41.- سیما و سیروان لەیارییەکە دەرکران ↔ سیروان و سیما لەیارییەکە دەرکراون

لەیاری دەرکراون (p) ↔ (q) لەیاری دەرکراون

T ↔ T

پەیوەندی یەکسان بون لەسەرنرخی کۆتای دەربڕینەکە دەوەستێ، ئەگەر لەئەنجامدا مەسەلەکان هەمان نرخیان هەبو، ئەوکاتە هاوتابون ڕودەدات، ئەگەرنا دەستەواژەکە یەکسان وهاوتا نابن.

3.5.1.2. یاسای سێیەمی هاوتابون.

$3/\ (\neg p) \vee (\neg q) \leftrightarrow \neg(p \wedge q)$

44- 3(ب +جـ) ≡ (3جـ) + (3ب)

$(p) \vee (q) \equiv (p \wedge q)$

$4-\ (\neg p) \wedge (\neg q) \leftrightarrow \neg(p \wedge q)$

4.5.1.2. یاسای چوارەمی هاوتابون .

52ـ مەحوی شاعیرێکی سۆفیگەرییە. ↔ مەحوی شاعیرێکی کوردە.

1- ئەگەر (مەحوی شاعیرێکی سۆفیگەرییە) ڕاستبێ، و (مەحوی شاعیرێکی کوردە) ڕاستبێ،کەواتە (p) راستبی و (q) ڕاستبێ ، ئەوا $p \equiv q$ ڕاست دەبێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- ئەگەر (مەحوی شاعیرێکی سۆفیگەرییە) ڕاستبێ، و (مەحوی شاعیرێکی کوردە) رهەڵەبێ، کەواتە (p) ڕاستبێ و (q) هەڵەبێ ، ئەوا $p \equiv q$ هەڵە دەبێت.

3- ئەگەر (مەحوی شاعیرێکی سۆفیگەرییە) هەڵەبێ، و (مەحوی شاعیرێکی کوردە) ڕاستبێ، کەواتە (p) هەڵەبێ و (q) ڕاستبێ ، ئەوا $p \equiv q$ ڕاست دەبێت.

4- ئەگەر (مەحوی شاعیرێکی سۆفیگەرییە هەڵەبێ، و (مەحوی شاعیرێکی کوردە) هەڵەبێ، کەواتە (p)هەڵەیە و (q) هەڵەیە ، ئەوا $p \equiv q$ ڕاست دەبێت .کەوایە نرخی ڕاستی پەیوەندی یەکسانی لەخشتەی ڕاستی مەسەلەکاندا و بەپێی مەنتقی کالکۆلی بەم جۆرە دەبێت:

p	q	$p \leftrightarrow q$
T	T	T
T	F	F
F	T	F
F	F	T

=

p	q	$p \leftrightarrow q$
1	1	1
1	0	0
0	1	0
0	0	1

5- ئەنجام

1- ئامرازەکانی بەستنەوە"لێکدەر و گەیەنەر" فۆرم سەربەخۆن و دەکەونە پۆلی وشە ئەرکییەکان، بەڵام ڕۆڵی واتایی و لۆجیکی دیاریان هەیە لەبەستنەوەی گوتە و مەسەلەکاندا.

2- یاسا لۆجیکییەکانی ئامرازەکانی بەستنەوە، زیاتر ئامانجی ئابوریکردن و کورتبریکردن لەزماندا دێننە دي، کە لەزۆر بوار ولایەنەوە لە یاساکانی کالکۆلی نزیك دەبنەوە.

3ـ لەگەڵ ئەوەی لۆجیك لەزەمینەی واتادا گەشەی کردوە، بەڵام لەهەندێ لەبنەماکانیدا لەواتا و سیمانتیك جیایە وخۆی بەهەموو ئەو دیاردانەوە خەریك ناکات، کە سیمانتیك خۆی پێوە خەریك کردووە، لەوانە خۆی لەواتای وشە نادات.

4- فۆرمی لۆجیکی لەرێگەی هەڵێنجانەوە دەستدەخرێن و بەپێشەکی و دەرئەنجام دەخرێنەرو، کە بەوهۆیەوە نرخ و بەهای ڕاست و هەڵە بەدەست دەخرێن .(وەدەستهێنان / استقرائی ـــ indaction)و(هەڵێنجان / استنباطی -dedaction) ئەو دوو رێگە باوەن، کە پەیرەو دەکرێن، بۆدەستخستنی(ئەنجام -Counclusion) رێگەی هەڵینجانیش، سیستمی بەش بۆ گشت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیڕەو دەکات، بەشێوەیەکی گشتی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا پیادەی ئەم ڕێگایە دەکات.

5ـ تیوری دەستەواژە، یان مەسەلە بابەتێکی تەواو لۆجیکییە، کە خاوەنی دوو بەهایە، ئەوانیش ڕاست و هەڵە، ئەو جۆرە ڕستانەی، کە پابەندی تاقیکردنەوەی ڕاست و هەڵە نابن، ناچنە نێوچوارچێوەی ئەم تیورەوە، لەوانە ڕستەی پرسیاری و فەرماندان.

6- لیستی سەرچاوەکان

أـ بەزمانی کوردی:

1ـــــ احمد، محمود فتح الله(2009)، گریمانەکاری لەزماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە(26).

2- حمەغریب، بەهرە سلام(2016)،شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لەواتای زمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

3 - خەلەکانی، ئارام قادر(2010)،شرۆڤی لۆژیکی بۆ زمان"ڤیتگنشتاین"،چاپخانەی خانێ، چاپی1، دهۆك.

4- ڕشید، لاوین تحسین(2012)،واتای لۆجیکی ڕستەی مەرج لەزمانی کوردیدا" لێکۆلینەوەیەکی واتاسازی لۆجیکییە"، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

5- عەلی، ابوبکرعومەر(2014)،چەند لایەنێکی زمانەوانی،چاپخانەی هێڤی، چاپی 1، هەولێر.

6ـ عزیز،حمید(2016)،لۆجیك دوێنێ و ئەمرۆ، دەزگای چاپ و پەخشی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

7- قادر،کاروان عومەر(2010)،فۆڕمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

8- ك.ك.کوردۆیف(1984)،ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی،و:کوردستان موکریانی.

9- کریم، ڕەسول، عمرمحمود، صلاح حویز(2019)،سینتاپراگماتیکی ئامرازەکانی لێکدان لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ز.کۆیە، ژمارە 2، بەرگی 2.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10-مەحوی، محمد(2009)،زانستی هێما، هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی 2، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.

11-موشیر دزەيي، عبدالواحید(2015)،ڕێزمان و واتا، چاپی سێیەم، هەولێر: دەزگای چاپ و چاپخانەی ئاوێر.

ب _بە زمانی عەرەبی:

12- عباس، حسن(2007)،النحو الوافی مع ربطة بالاساليب الرفيعة و الحياة اللغوية المتجددة، دار المعارف، القاهرةج1، ط16.

ت - بە زمانی ئینگلیزی:

13 -Arthur, Tom Mc. (1996), the Oxford Companion to the English Language, (Cambridge Edition), Oxford University Press.

14 -Arts, Bars. (2001), English Syntax and Argumentation, 2nd Edition, New York; Palgrave.

15-Baskervill, W, M and Sewell, J, W. (2015), An English Grammar, http://classiclit.about.com/library.

16 -Crystal, D. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, first published, Black well publishers, Cambridge.

17-Carnie. Andrew. (2007) Syntax: A Generative Introduction, 2nd Edition, Oxford, Black Well Publishing.

18 -E ckhard - Black. (1992), Cassel Language Guides (German): A Handnook of Grammar, Current Usage and Words, British Library Cataloguing-in-Publication Data.

19 -Huddleston, Rodney. (1988). English Grammar: An Outline.Cambridge University.

20 -Hillman Paraded. (2016), Semantics: A view to Logic of Language, Fkip Uhn.

21 -Jens, Allwood and Gunnar, Andersson and Osten, Dahl. (1997), Logic in Linguistics, Cambridge University, NewYork.

22 -Lester, Mark. (1990), Grammar in the Classroom, Macmillan Publishing, New York.

23 -Lyons, John. (1977), Semantics, Cambridge University.

24 -Leech, Geoffrey and Svartvik, Jan. (1994), A Communicative Grammar of English, 3rd Edition, London, Longman.
25-Matthews, P, H. (2007), Concise Dictionary of Linguistics, 2nd Edition, Oxford University Press, New york.
26-Nadia, Hussen. (2006), An Introduction to English Grammar Syntax, 1st Edition, hawler.
27-Salam, nawkhosh Bakir, (2009), An Introduction to English Grammar: Parts of Speech, nawa press, Arbil.
28 -Sahebkheir, Farnaz and Aidinlou, Nader Asadi, (2014), "The Role of Explicit Instruction on Using Conjunctions Iranian EFL Learners, written Performance" in Ininternational Journal of Language and Linguistics.

The Logical Semantics of Conjunctions in Kurdish Language

Bayan Mala Hamadameen
Department of Kurdish, College of Education, Makhmur, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Bayan.hamadameen@su.edu.krd

Sabah Rashed Qader
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
D.Sabahrashed@Yahoo.Com

Keywords: *Propostion, Logic, Meaning, Logical Meaning, Coordinate Conjunctions, Subordinate Conjunctions*

Abstract

This study is entitled "The Logical Semantic of Conjunctions in Kurdish Language". Logic, which is a significant branch of meaning, has entered language to interpret meaning. The core of this interpretation is the laws of thought and perception. The logical perception is the map of a set of laws and logical

principles which are applied by the elements of language. The conjunctions, as language elements belonging to closed class words, have little meaning. The findings of the current study focus on the semantic and logical aspects of the conjunctions, as well as presenting the coordinate and subordinate conjunctions in terms of some of the logical laws in complex sentences. That is, this study is an attempt to present coordinate and subordinate conjunctions within the framework of meaning and logic.

الدلالة المنطقية لأدوات الربط فى اللغة الكردية

ملخص

عنوان هذا البحث هو" الدلالة المنطقية لأدوات الربط في اللغة الكوردية". المنطق فرع رئيسي في الدلالة، دخل عالم اللغة كعلم جديد لتأويل المعنى. مركز هذا التأويل هو قوانين التفكير و الإدراك، وهذا الإدراك مخطط لمجموعة من المباديء والقوانين المنطقية يمارسها عناصر اللغة. أدوات الربط عناصر لغوية ضمن المجموعة اللغوية المغلقة يمتلكون وظيفة لغوية و يحمل البعض منهم دلالة معجمية. هدف هذا البحث التركيز على الجوانب الدلالية و المنطقية لهذه الأدوات و بيان أداة الربط و الوصل من وجهة نظر القوانين المنطقية في الجمل المعقدة. و ضمن هذه الوجهة تكون أداة الربط مساهمة قوية في الاقتصاد والاختزال اللغوي.
هذا البحث محاولة لعرض أدوات الربط ضمن إطار الدلالة والمنطق.